# ڕەخنەگرانی درامای *جومعە* و ڤایرۆسی سلێمانچێتی

**ناسیار عەول**
**-کەنەدا-**

ماوەیەک بەر لە ئێستا لە سایتی *کوردستانپۆست*دا بابەتێکم لەسەر درامای تەلەفزیۆنیی "جومعە"ی حسێن میسری بەرچاو کەوت لەژێر ناوی "حسێن میسری ڤایرۆسی درامای کەناڵی کوردسات .." لە نووسینی بورهان هەژار ناوێک.

بەر لەمەش لە*کوردستان نێت*دا کەسێک بە ناوی کارزان عەلی بابەتێکی سەبارەت بە هەمان دراما لەژێر ناونیشانی "حسێن میسری سووکایەتی بە خەڵکی شاری سلێمانی دەکات" بڵاو کردبووەوە. هەر هەمان بابەت دواتر لە هەفتەنامەی *هاوڵاتی* ژمارە (200) دا بڵاو ببوەوە. کارزان عەلی لە کۆتایی نووسینەکەی *کوردستان نێت*دا وتبووی: "هەمووشمان دەزانین کە حسێن میسری خەڵکی سلێمانی نییە بۆیە سووکایەتی بەو شارە دەکات". بەڵام دیاربوو سەرپەرشتکارانی *هاوڵاتی* هەستیان بە پڕوپووچی ئەو ڕستەیەی کۆتایی بابەتەکە کردبوو، بۆیە لە بڵاوکردنەوەیدا لای خۆیان ئەو ڕستەیەیان لە بابەتەکە دەرهێنابوو.

مەبەستی من لێرەدا ئەوە نییە قسە لەسەر درامای تەلەفزیۆنیی "جومعە" بکەم؛ کە ڕەخنەی خۆم لێی هەیە و یەک دنیا ئیشکالیات و کەم و کوڕی تیا ئەبینم. هەر لە هەڵبژاردنی ناوی دراماکەوە بگرە تا ئەگاتە ئەو ناوە سوواوانەی لە کارەکتەرەکان نراون، دیالۆگەکان، ناکارامەیی لە بەکار هێنانی کامێرادا، لاوازیی بەشێکی زۆر لە ئەکتەرەکان لە تەجسید کردنی ڕۆڵە پێسپێردراوەکانیان، ناوەڕۆکی چیرۆکی دراماکە، تەنانەت کاتی پێشکەشکردنی دراماکە بە دیاریکراویی لە مانگی *ڕەمەزان دا* کە بۆنەیەکیی ئیسلامییە و پێشکەشکردنەکەی لەو کاتەدا بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مەبەست لێی شیرین کردنی مانگی ڕەمەزانە لە زیهنی خەڵکدا و دیاریشە ئەمە خزمەت بە چی کلتوورێکی کۆنەپارێز و دواکەوتوو دەکات. هەریەک لەو ڕووانەی دراماکە کە ناوم هێنان قسەی زۆر هەڵدەگرن، بەڵام وەک ووتم باس لێکردنی ئەو بابەتانە مەبەستی ئەم نووسینە نییە.

ئەوەی زیاتر وای لێ کردم ئەم چەند دێڕە بنووسم ڕەخنەی ئاست نزم و ڕووکەشانەی هەندێ کەسە کە نەخۆشیی ناوچەگەرایی و شارچێتیی (کە بە تایبەت لە سلێمانیدا دیاردەیەکی تا ڕادەیەک بەرچاوە) ئاستی هۆشیارییان وا دابەزاندووە کە سووکایەتی کردن بە شار و شارۆچکەکانی تری کوردستان بە لایانەوە زۆر کارێکی ئاسایی بێت و هەمان کاتیش موبالەغە پێکردن و زیادەڕۆیی لە پیاهەڵدان و هەڵنانی سلێمانیدا بکەن بە مەسەلەیەکی مەبدەئیی.

ئەم بەڕێز بورهان هەژارەش ئەکرێ وەک نموونەیەکی ئەو جۆرە کەسانە چاو لێ بکرێ. بە خوێندنەوەی بابەتەکەی ئەم زاتە، خوێنەر یەکسەر ئەتوانێت ئەو ڕاستییە درک پێ بکات کە هاندەری سەرەکی ئەو بۆ نووسینی ئەو بابەتەی هزری ناوچەگەریی و شارێچێتیی بووە نەک دڵسۆزیی بۆ هونەر و درامای کوردیی. کاتێک ئەو نووسینە دەخوێنیتەوە پێش هەموو شتێک هەست بە تووڕە و ترۆیی نووسەرەکەی دەکەیت. ڕەنگە هەر ئەم توڕەیی و جنێوفرۆشییە هۆی ئەوە بێت کە ئەو کەسەی کردووە بەو ئینسانە ناوچەپەرستە. ڕەنگیشە ناوچەپەرستییەکە وا بەرچاوی لێڵ کردووبێ و ئاوا تووڕەی کردووبێ کە بە بێ حیساب جنێو ببەشێتەوە و قسەی ڕەق دژ بە شارەکانی تر و خەڵکانی ئەو شارانە بە با بکات.

ڕەخنە لە کار و بەرهەمی کەسێک کارێکی زۆر ئاساییە و بگرە زۆر ئیجابیشە. بەڵام من وا هەست ئەکەم لای هەندێ کەس (بە تایبەتی لەو ڕەخنانەدا کە سەبارەت بە درامای *جومعەی* حسێن میسری نووسران)کار لە ڕەخنە دەرچووە و گەیشتۆتە قسەی ناشیرین و ناو و ناتۆرە لێنانی بێ مانا و هێرش کردنە سەر هەندێ تایبەتایەتی (private) ئەو کابرایە. تەنانەت لای هەندێکی تریان هەر بە حسێن میسرییەوە نەوەستاون بەڵکو مەسەلەکەیان قۆزتۆتەوە و بێ شەرمانە سووکایەتیی بەو شارەش دەکەن کە ئەو نووسەرەی تیا لە دایک بووە.

سەیرێکی ئەم ووشانە کەن کە بورهان هەژار لە نووسینەکەیدا بە ئەعسابێکی زۆر گەرمەوە بەرامبەر بە حسێن میسری بەکاری دەهێنێت: "ڕشانەوەی بێ سەوادیت"، "فەریکەیەکی نەخوێندەوار"، "مەسینە هەڵگر"، "مەخلوقی عەجیب"، "وەڕین"، "دەرهێنەر و مەڕ هێنەر". ئەو ڕوو بە حسێن میسری ئەڵێت: "... سووکایەتی بە باژێڕێکی وەک سلێمانییەوە دەکەیت وێڕای کە هیچ زانیاری و بەڵەدیت لەسەر دیرۆکی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕەوتی خەبات و تێکۆشانییەوە نیە و نازانیت، ئەو هەموو ناماقوڵی و شەکر شکاندنت لە چیە...؟". بە ڕاستیی دیارە ئەم شارە زۆر بەختەوەرە کە ڕۆشنبیری وەک ئەم کاک بورهانەی تیا هەڵکەوتووە تا بیپارێزێ لە "مەخلووق" و کەسانی "عەجیب" و غەریب بەم شارە. دەکرێ پرسیارێکی وا لەو بەڕێزە بکرێت: ئایا "دیرۆکی ژیانی کۆمەڵایەتیی" چییە؟ وە چەند پێویستە بۆ کەسێک کە لە شارێکی تری کوردستانەوە بچێتە سلێمانی تا بە باشیی شارەزای ئەو "دیرۆکە" بێت، لە کاتێکا کە خۆی هاوزمان و هاووڵات و هاونەتەوەی خەڵکی ئەو شارەیە؟

لە درێژەی ئەو بڕگەیەی سەرەوەدا، کاک هەژار شەڕفرۆشتنەکەی بە حسێن میسری ئەگەیەنێتە ئەوەی کە گوایە ئەو تەنانەت ئاگاداری "ڕەوتی خەبات و تێکۆشان"ی شارەکە نییە. هەر بەمەشەوە ناوەستێ و دەڵێ : "دیارە هەستی هێندە سس (بڕوانە ئەم ووشەیە!!) بووە کە کاریگەری دیکۆری چایخانەی گەل (شعب) یش لەسەر نەبووە کە نزیکەی بیست ساڵ دەبێت لە سلێمانیدا پێی ئاشنابووە". بۆ کەسێک کە ئەو شارەی نەدیبێ ئاخۆ وابزانێ ئەو چایخانەی *شەعب*ە چییە؛ کە خۆی لە چایخانەیەکی شەعبی زیاتر هیچ ڕەنگ و سیمای شوێنێکی شارستانیی ئەوتۆی پێوە نییە. یان وەکو بڵێی لە شارێکی وەکو کەرکوک چایخانەی وەک چایخانەی *شەعب*ی تیا نەبێت!

کەسێک ئەتوانێ لەو بەڕێزە بپرسێ: ئەگەر کەسێک کە دوای زیاتر لە بیست ساڵ ژیان لە شارێکی تری هاوزمان و هاوکلتوری خۆیدا فێر نەبێ و نەتوانێ شارەزاییەکی ئەوتۆ پەیدا بکات سەبارەت بەو شارە، ئەی بۆ کەسێکی وەک بەڕێزت چەندت دەوێ تا لە وڵاتێکی تردا، کە زمان و کلتور و دیرۆک و جوگرافیاشی جیاوازە، تا شارەزای، خۆت ووتەنی، "دیرۆکی ژیانی کۆمەڵایەتی"یان بێت؟

من پێم وایە هەر ئەوەی کە ئەو لە جیاتی ئەوەی بەرهەمە هونەرییەکە هەڵسەنگێنێ، دێ بە قسەی ناشیرین هێرش ئەکاتە سەر خاوەنی بەرهەمەکە و باس لە شتی تایبەتیی ئەو کەسە دەکات، کە هیچ پەیوەندییەکی بە بەرهەمەکەوە نییە، ئەمە تەنها مانای ئەوەیە کە ئەو تا ئێستا لە تەپوتۆزی ناوچەگەرایی پاک نەبووەتەوە، وە هیچ فێری "دیرۆکی ژیانی کۆمەڵایەتی" ئەورووپا بە گشتی و ئەو شارەی لێی دەژی بە تایبەتی نەبووە و ناشبێ.

ئەو بە حسێن میسری دەڵێت: "وەک یەکێ نەتناسێ و نەزانێ تۆ کێیت و چ کارەیت و هەبوون و سەنگت لە نێوەندی هونەریی و ڕەووتی شانۆکاراندا لە کوێدایە و ... هتد". سەیری ئەم تیروتوانج هاویشتنە بازاڕییە بکەن! ئەمە زیاتر لە قسەی خەڵکانی بازاڕیی دەچێت تا ئەوەی هەڵسەنگاندن یان ڕەخنە کردنی کارە هوونەرییەکەی میسری بێت.

ئەو هەر بەردەوام دەبێ لە سووکایەتی کردن بە شەخسی ئەو کەسە و ئینجا دێتە سەر نازناوەکەی، کە ئەوە شتێکی زۆر شەخسییە، وە دەڵێ: "ئەم کابرایە بە شانازییەوە نازناوی خۆی کردووە بە میسری بە بێ ئەوەی نە سیما و نەدگاری لە میسرییان بچێت و نە ئەو وڵاتەشی دیبێت، وەک (دەشڵێن) تەنیا جارێک وەک چایچیەک، بۆ ماوەی چەند مانگێک لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا لە یەکێ لەو شاری یارییانەی (مدينە العاب)کەرکوکدا کاریکردووە کە میسرییەکان هێنایانە زۆربەی شارەکانی عێراقەوە". جارێ با سەیری ئەم مەهزەلەیە بکەین کە (حسێن میسری، میسری نەدیوە و کەچی نازناوی خۆی کردووە بە میسری)! جا توخوا ئێوە بلێن ئەمەش بوو بە ڕەخنە؟!! یان ئەو شوێنێکی تری دێشێ و دەیەوێ بە هەر شێوەیەک بووە بورکانی تووڕەبوونی خۆی دامرکێنێتەوە. ئەگینا لە چی یاسا و ڕێسایەکدا هاتووە کە ئەگەر کەسێک شوێنێکی نەدیبێت بۆی نییە بیکا بە نازناوی خۆی؟ خۆ گەر وابێ ئەوە هونەرمەند حیکمەت هیندی هەر زۆر دوور ڕۆیشتووە و ڕەخنەکە زۆر بە خەستی پای ئەو دەگرێتەوە!

هەر سەبارەت بەو بڕگەیەی سەرەوە، لای هەمووومان ئاشکرایە میسریی لە عێراقدا نەبوو. میسریی بە زۆریی لە کاتی شەڕی عێراق و ئێران و لە سەرەتای هەشتاکانەوە پەیدا بوون لە عێراق. ئەو دەڵێ "وەک دەشڵێن "، کە زۆر سەیرە نووسەرێک سەرچاوەی بەڵگەکانی بگەڕێنێتەوە بۆ (وا دەڵێن و .. وتیان و .. بیستوومە ..)، کە گوایە حسێن میسری چایچی بووە. دیار نییە نووسەر لێرەدا مەبەستی چییە. ئایا مەبەستییەتی سووکایەتی بە حسێن میسری بکات یان بە پیشەی چایچێتیی؟ ڕەنگیشە مەبەستی ئەوەبێ کە ئەوەی ڕۆژێک چایچێتیی کرد ئیتر بۆی نییە کاری هونەریی بکات و عەیبە!!

ئەو لە سەرەتای نووسینەکەیدا ئەڵێ: "دەرهەق بە ڕەوتی درامای کوردی هەژار". دواییش لە شوێنێکی تردا دەڵێ: "هەمووشمان ئەو ڕاستیە باشدەزانین کە بۆچی لەلایەن زۆربەی کەسانی لێهاتووی بزاڤی شانۆیی ئەوڕۆکەوە، لە وەڕین و کارەکانی نایەنە وەرام". دیارە ئەم بورهان هەژارە زۆر داماو و نابەڵەدە لە بواری هونەرییدا، ئەگینا شانۆ و کاری شانۆیی لەگەڵ درامای تەلەفزیۆنیدا دوو شتی جیاوازن، هەر لە شوێن و ڕووناکی و وێنەگرتنەوە بگرە تا دەگاتە تەنانەت کاری نواندنیش تیایاندا. ئینجا نازانین ئەو چاوەڕێی چی لەم "لێهاتووانەی بزاڤی شانۆی" کوردی دەکات! وە ئەگەر ئێمە کەسانی وا لێهاتوومان هەیە، ئەی کوا بەرهەمە لێهاتووەکانیان؟

هەموو ئاگادارین کە حسێن میسری وا بۆ زیاتر لە پێنج ساڵە بە بەردەوامیی لەو بۆنە ئیسلامییەدا بەرهەمی زۆر و بۆر پێشکەش دەکا. ئەوە بۆچی تا ئێستا یەکێک لەو "لێهاتوو"انە هەر هیچ نەبێ شتێکیان لە مستەوای شتەکانی ئەودا پێشکەش نەکردووە؟ من هەست دەکەم درامای کوردیی لە ئاستێکی نزمدایە و زۆر دەستکورتە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشا گیان بەوەیە کە ئەو تاک و تەرا هونەرپیشانەی کورد کە بەرهەمەکانیان لە چەند ڤیستیڤاڵێکی جیهانییدا خەڵاتیان بە دەست هێناوە تا ئێستا هیچیان خەڵکی شارکەی کاک بورهان و هاوبیرەکانی نەبوون، ئەگینا ئێستا ڕێک ئەو شارەیان لەگەڵ هۆلیوود دا بەراورد دەکرد.

ئەو لە شوێنێکی تردا ئەنووسێت: "هەرگیز دیمەن و دیکۆری چایخانەکەی وەستا جومعە لەوە ناچێت لە شوێن و جێگەیەکی ناوبازاڕی شاردا بێت و تەنانەت نزیک بە (گەرماو).. زیاتر ئەو دیکۆرە لاواز و ناهونەرییە لە کەپرێکی لاڕێی دەڤەرێکی دووری چۆڵ دەچوو، وەک لەوەی لە ناوجەرگەی شارێکدا بێت و لای جەنابیشی باس لە شارێکی وەک سلێمانی بکرێت .. لە ڕاستیدا بە شێوەی ئەو چایخانانە دەچوو کە لە کەرکوک دا هەیە بە ناوی (حەسیرەکان) بەردەم گەڕەکی ئیمام قاسم ...". ئێمە هەموومان دەزانین ئەو دیمەنە حەیابەر و ناشیرینە لە چایخانە نەدەچوو، وە مرۆڤ شەرمەزار دەبێ لای کەسێکی بێگانە بلێ ئەوە دیمەنی کافێ–café یەکی ناوشاری وڵاتەکەی منە. بەڵام ئەگەر تۆزێک بە ووردیی دیقەتی ئەو چەند دێڕە ئیقتیباسکراوەی سەرەوە بدەین، بۆمان

دەرەکەوێ کە نووسەرەکەی خۆیشی نازانێت چی ئەڵێ. لە لایەک ئەڵێ کە چایخانەکە لە شوێن و جێگەیەکی ناوبازاڕی شار ناچێت و لە لایەکی تر دەڵێت کە گوایە بە شێوەی ئەو چایخانانە دەچێت کە لەناو کەرکوکدا هەیە! جا نازانم ڕق و کینەی بەرامبەر بە شاری کەرکوک وای لێکردووە بکەوێتە ئەو لۆژە لۆژە، یان لای ئەو تەنها سلێمانی شارە؟ کە من وا هەست دەکەم ئەوەی دووەمیان بێت. چونکە ئەگەر حسێن میسری خەڵکی هەولێریش بووایە ئەوە ئەو لەوە کەمتری بەو شارەش نەدەکرد.

بورهان هەژار تووڕەیە چونکە وا هەست دەکات کە حسێن میسری سووکایەتی بە شارەکەی کردووە. ئایا حەق نییە بپرسین ئەی باشە کابرا ئەوەی تۆ سووکایەتی نییە بە شارێکی وەکو کەرکوک، کاتێ دیمەنی شارێک بە کەپرێکی لاڕێی دووری چۆڵ بەراورد دەکەی؟ ئەرێ نازانم ئەمجارەش پێیان وتووی یان هەر خۆت شارەزای "دیرۆکی ژیانی کۆمەڵایەتی" شاری کەرکوکیت؟ پێمان ناڵێیت ئەمەت لە چی سەرچاوەیەکەوە وەرگرت کە لە کەرکوک بە ناوی "حەسیرەکان، لەبەردەم گەڕەکی ئیمام قاسم" چایخانەی حەسیر هەیە؟! تەنها ئەوەندەیە لە کرکوک تەنها جادەیەک هەیە بە ناوی "حەسیرەکە" کە ئەویش هیچ پەیوەندیی بە چایخانەی حەسیر و مەسیرەوە نییە.

نازانم ئەم بەڕێزەو هاوبیرانی ئەیانەوێ چیمان پێ بڵێن کاتێک ئاوا سلێمانی زیاد لە پێویست هەڵدەکێشن و موبالەغەی پێوە دەکەن لەسەر حیسابی شارەکانی تری کوردستان. کار گەیشتۆتە ڕادەیەک ڕێک ئەڵێی بەراوردی پاریس بە کابول دەکەن. ئەو شانازی بەو ڕۆژانەوە دەکا کە لە سەردەمی حوکمی ڕژێمی بەعسدا خەڵکی کەرکوک بۆیان نەبوو بە زمانی کوردی قسەش بکەن و، تاکە پەیمانگای هونەری (پەیمانگای هونەرە جوانەکان) لە کوردستاندا لە شاری سلێمانی بوو، وە زۆربەی ئەو هونەرمەندانەی کە لە پەیمانگاکەدا دەرسیان دەووتەوە، کە پێک هاتبوون لە باشترین هونەرمەندانی ئەو شارە، بەعسیی بوون و، وە هەر کەسێک ئەگەر بەعسیی نەبوایە لەو پەیمانگایە وەرنەدەگیرا.

من لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو شارە و هەموو شارەکانی تری کوردستان، لێرەدا مەبەستم نییە سووکایەتی بەو شارە بکەم، تەنها ئەوە نەبێ کە بیری کاک بورهان هەژار و هاوبیرانی بێنمەوە کە جێگاو ڕێگای ئەو شارە یەکجار بەو شێوەیە نییە کە ئەوان باسی دەکەن و زیاد لە پێویستی پێوە دەنێن، وەک ئەوەی ئێمە هەر بە فیعلی ئاگاداری ژیان و دیرۆکی باش و خراپی شارێکی تر لە وڵاتەکەی خۆماندا نەبین.

نووسەر لە نووسینەکەیدا داوا لە هەموو قەڵەمێکی ئازا و چاونەترس دەکات، خۆی ئاسا، "تا هێزیان تیایە سەرزەنشتی ئەو بیر و بۆچوونە گێڕ و ناتەبایەی حسێن میسری بکەن کە بۆ مەرامی ئەوانەی هانی دەدەن سووکایەتی بە پیرۆزی پەیامی هونەری دراما و شێواندنی ڕووپەلی دیرۆکی گەشی شاری بەرخودان و پێشڕەوی کوردایەتی سلێمانییەوە بکەن". ئەم ناو و لەقەب بۆ دانانە بۆ شارەکان خووی هەندێ لە نووسەر و شاعیرە عەرەب و کوردەکانی سەردەمی بەعسم بیر ئەهێنێتەوە کە هەمیشە وەسف و لەقەبی گەورە گەورە و پڕ موبالەغەیان ئەدایە پاڵ شار و شارۆچکە و کەسەکان و بەو جۆرە لە بەلاشە هەڵیاندەنان. من پێم وایە ئەگەر ئەو درامایە بورهان ووتەنی "ڕووپەلی دیرۆکی" ئەو شارەی شێواندبێ و ناماقوڵی کردبێت، ئەوە ناماقوڵییەک بەرامبەر بە هەموو شارەکانی کوردستان، نەک تەنها شاری سلێمانی، کراوە.

سەیرکەن ئەو بەڕێزە داوا لە نووسەران دەکات دژ بە سووکایەتی بە شاری سلێمانی بوەستنەوە، بەڵام ئەمە هەر خۆی لە خۆیا بە ناڕاستەوخۆ ئەکرێت سووکایەتییەک بێت بە زۆرێک لە هونەرمەندانی ئەو شارە. ئاخر ئێمە ئەزانین بەشی گەورەی ئەکتەرەکانی ناو بەرهەمەکە خەڵکی سلێمانین. وەکو بڵێی ئەو هەموو هونەرمەندە، لەگەڵ ڕێزم بۆیان، لە ڕوانگەی کاک بورهانەوە عەقڵیان بەوەدا

نەشکابێ بلێین: ئەوە حسێن تۆ باسی چی کەوکەبێک دەکەی؟ وە ئێمە وەک خەڵکی شاری سلێمانی خۆمان بەو وێنا کردنەی تۆ بۆ شارەکەمان و بەو ڕووداوانە بە نامۆ دەزانین. وەک شتێک حسێن میسری بە قەولی ئەو "دەرهێنەر و مەڕ هێنەر" وەک مەڕ ئەو هەموو ئەکتەرەی ئەو شارەی دابێتە پێش خۆی و بێ ئەوەی ئەوان بە خۆیان زانیبێت فیلمی پێوە دەرکردبن.

کاکی نووسەری ڕەخنە کاک بورهان بەردەوام دەبێ لە هەڵچوون و هەڵسەنگاندنە سەیر و سەمەرەکانیدا، تا لە شوێنێکی تری ووتارەکەیدا ئەڵێ: "دووبارە سڵاو و ڕێز لە زۆربەی ئەو بەڕێزانەی ئەوە چەندینجارە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن و سەرکەوتنی نواندنیان هەیە لە کارەکاندا و بە تایبەتی هەموو ئافرەتەکان و ئەوانی تر". وەکو پێشتریش ووتم، ئەم بورهان ناوە مەبەستی شتی ترە لە نووسینەکەیدا و مەبەستی هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەرییەکە نییە. هەر بۆیە لەم چەند دێڕە بێ سەروبەرەی دواییدا وەک جوملەچییەک بە جوملە ئەکتەرەکان هەڵدەسەنگێنێ کە "سەرکەوتنی نواندنیان هەیە". جا لە سەرەتاوە ئەڵێ "زۆربەی"، دواتر ئەڵێ "هەموو ئافرەتەکان" و ئینجا ئەڵێ "ئەوانی تر"یش! ئەرێ خوێنەر ئێوە هیچ لەم هەڵسەنگاندنە حاڵی بوون؟!

لە کۆتاییدا هیوادارم ڕۆژێک نووسەران و ڕۆشبیرانی شاری سلێمانی خۆیان بە گژ ئەم جۆرە نووسەراندا بچنەوە، کە هیچ مەسیجێک لە دووتوێی نووسینەکانیاندا نییە جگە لە دروستکردنی بۆشایی زیاتر لە نێوان ناوچە جیا جیاکانی کوردستاندا.

**nasyarewl@yahoo.com**

Jan. 2005